# کۆیە هەناسەیەك دەدات

بەدواداچوون: شلێر سەعید. کۆیە

## جووتیاران زەویە کشتوکاڵییەکانیان بەکار دەهێننەوە

سووربوونی ژینگەدۆستان کەمێك لە بارەکە راستدەکاتەوە، لە رێی کارکردن لە سەر ئەو بارودۆخەی کارگەکانی چەو و لم لە سەر زێی بچووك لە سنووری کۆیە دروستیان کردووە، کە ئەنجامەکەی تێکدانی ژینگەی ناوچەکەیە، وێرانکردنی زەویە کشتوکاڵییەکانە و زیانمەندی یەکەم ژنان و خنکانی گەشتیارانە، کە تەنیا لەم هاوینەدا شەش گەشتیار خنکاون.

رێکخراوی (هەناسەی سرووشت) بۆ هۆشیاریی ژینگەیی لە قەزای کۆیە، سەر بە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکوومییەکانی هەرێمی کوردستانە و لە ساڵی 2013ەوە دامەزراوە و لە بواری هۆشیاریی ژینگەیی کار دەکات.



> خانم عومەر: کارگەکانی چەو و لم، جگە لەوەی رێڕەوی ئاوەکەیان تێکداوە، ژینگەیان پیسکردووە

مژدە محەمەد، مامۆستای جوگرافیا و ئەندامی رێکخراوی (هەناسەی سرووشت)، دەڵێت: "لە رێی هەڵمەتی هۆشیاریی، سەردانی مەیدانیی، هاندانی جووتیاران بۆ گەڕانەوە سەر کێڵگەکانیان و گوشاری یاسایی، ویستوومانە کاریگەریی ئەم کارگانە لە سەر ئاڕاستەی تێکدانی ژینگەی ناوچەکە کەم بکەینەوە ".

لە قەزای کۆیە سێ رێکخراوی ژینگەدۆست هەن، بەڵام تەنیا (هەناسەی سرووشت) کاری لە سەر کانەکانی چەو و لم کردووە و لە چەند رێگەیەکەوە رێگری دەکات لە زیاتر وێرانکردنی ژینگەی ناوچەکە و هاندانی ژنان و پیاوانی ناوچەکە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کێڵگەکانیان و پاراستنی سیمای کشتوکاڵیی ناوچەکە .

عەدنان عەلی میر، 20 ساڵە لە بواری ژینگە کار دەکات و شارەزاییەکی باشی لەو بارەیەوە هەیە، سەبارەت بە کانەکانی چەو و لم دەڵێت: "بەگشتی دوو جۆرن: جۆرێکیان لە نێو زەوی کشتوکاڵیی و نزیك کەناری رووبار و زێیەکان دروست دەکرێن، جۆرێکی دیکەیشیان لە شوێنە قەدەغەکراوەکانی زێ و رووبارەکان دروستکراون".



یەکێك لە کارگە لەکارکەوتووەکانی چەو و لم

لایەنی پەیوەندیدار لە حکوومەت رێگەی بەمجۆرەیان داوە کە بریتین لە شوێنە دوورەکان یان لە زووڕگەکان کار بکەن، تاوەکو زیان بە سرووشت نەگەیەنن و نەبنە هۆی تێکدانی ژینگە و رێڕەوی ئاو و لە ناوچوونی درەختەکان، بەڵام ئەوانی دیکە بەهۆی تێکەڵبوونی رۆنی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی هەڵکەندن لەگەڵ ئاوەکە، دەبنە هۆی پیسبوونی ئاو و لەناوچوونی گیانلەبەرە ئاوییەکان و پیسبوونی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە.

> کارگەکانی سنووری کۆیە ساڵانە نزیکەی 50 هەزار مەتر چەو و لم بەرهەمدەهێنن

> عەدنان عەلی میر: بەشێکیان مۆڵەت لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان وەردەگرن و فەرمانگەی ژینگەش چاودێریان دەکات و هەندێکیان بێ مۆڵەت کار دەکەن

بەگوتەی عەدنان عەلی میر، لە سنووری هەولێر زیاتر لە 65 کانی چەو و لم هەیە، بەڵام بەشێکیان مۆڵەت لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان وەردەگرن و فەرمانگەی ژینگەش چاودێرییان دەکات و هەندێکیان بێ مۆڵەت کار دەکەن.

عەمید گۆران ئەحمەد سماقە، بەڕێوەبەری گشتیی بەرگریی شارستانی کۆیە لە بارەی کارگەکانی چەو و لم دەڵێت: "لە کۆیە حەوت کارگەی چەو و لم هەیە، چواریان کار دەکەن و سێ دانەیان بە هۆکاری جیاواز وەستاون".




کۆیە یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای هەولێر و دەکەوێتە دووری 70 کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر مێژووی دروستبوونی

مێژووی دروستبوونی ئەم قەزایە بۆ 2500 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانان ساڵی 2022، ژمارەی دانیشتووانی قەزای کۆیە 119.526 هەزار کەس بووە، کە لە هەردوو نەتەوەی کورد و کلدان پێکهاتووە.
لە گوندەکانی دەشتی کۆیە بە هەر پێنج ناحیەکەیەوە، کە نزیکەی 190 گوند هەیە، بەشێك لە جووتیاران بەتایبەت ژنان کار لە کێڵگەکانیان دەکەن، وەك بژێوی ژیانیان و هاوکات بەهۆی ڕاهاتنیان لە شینایيکردن وەك پیشەیەكی بۆ ماوەیی بۆیان ماوەتەوە.
لەبارەی تێکچوون و نەمانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە کەناری زێی بچووك بە هۆی کارگەکانی چەو و لمەوە، خانم عومەر ئەحمەد، کە ژنە جووتیارێکی (43) ساڵانە و لە ناحیەی تەقتەق سەر بە کۆیە دادەنیشێت، زۆر نیگەرانە و دەڵێت: "کارگەکانی چەو و لم، جگە لەوەی ڕێڕەوی ئاوەکەیان تێکداوە و ژینگەیان پیسکردووە، زەوییە کشتوکاڵییەکانیشیان لەناو بردووە، ئەوەش وایکردووە، زۆربەی ژنانی ئەم دەڤەرە بێکاربن."
ئەحمەد قادر تەمەن 56 ساڵ، جووتیارێکی دەشتی کۆیەیە و دەڵێت: "زیانی زۆر بەر کێڵگەکانی کشتوکاڵ و ڕووبەری سەوزایی کەوتووە، هەرچەندە لە ڕووی یاساییەوە بەپێی گرێبەستەکەیان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، ئەو خاوەن کارگانە دەبێ شوێنەکان پڕ بکەنەوە و زەوییەکان وەك خۆی لێبکەنەوە، بەڵام ئەوان زۆر بەکەمی پابەندی بڕگەکانی گرێبەستەکە دەبن و بە دەگمەن نەبێت، لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکرێت".

## ژنان دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان

مژدە محەمەد، کە خۆی خەڵکی گوندی (کانیی)یەو ئێستا لە ناحیەی ئاشتی مامۆستایە، زیاتر دەڵێت: بۆ بەرگرتن لە زیاتر دارمانی ژینگەی ناوچەکە، ڕێکخراوەکەیان بەردەوام لەو سنوورە چالاکانە کار دەکات، بە ئامادەبوونی چالاکوانان سەردانی مەیدانیی شوێنی کارگەکانی چەو و لمیان کردووە و هەڵمەتێکیشیان بۆ ئەم مەبەستە ڕاگەیاندووە.
بەگوتەی مژدە ڕێکخراوەکەیان لەساڵانی پێشوو ( 2014 . 2016 ) چەندین کاری کردووە بۆ کەمکردنەوەی زیانە ژینگەییەکان، کە بەهۆی کانەکانی چەو و لمەوە دروستدەبن.

لەو هەڵمەتەدا، ڕێکخراوی هەناسەی سرووشت مەترسییەکانیان خستۆتەڕوو، کە بریتیبوون لە تێکدانی ژینگەی ناوچەکە و وێرانکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و هاوکات ئەو گۆماوانەی بەجێماون دەبنە مەترسی بۆ خنکانی گەشتیاران، کە زۆرجار گەشتیاران بۆ مەبەستی مەلەکردن بەکاری دێنن و شیاوی مەلە تیاکردنیش نین.

لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتەی ڕێکخراوی هەناسەی سرووشتدا لە گوندی کانیی، ژنانی گوندەکە هاندراون بۆ چاککردنەوەی ئەو زەوییانەی کارگەکانی چەو و لم تێکیانداون و ئەوانیش دەستیانکردووە بە پڕکردنەوەی چەند شوێنێك لەو شوێنانە و دووبارە بەکارهێنانەوەیان بۆ کشتوکاڵ، بۆیە بەشێك لە زەوییەکان ئێستا ئامادەن بۆ کشتوکاڵکردن.

یوسف سەلیم، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە دەڵێت: "لە سنووری کۆیە کە پێنج ناحیە و نزیکەی 190 گوند هەیە، جگە لە داچاندنی گەنم و جۆ، دانیشتووانەکەی زیاتر بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵن و ئەو بەرهەمانەی زۆر پشتی پێ دەبەستن (پیاز، لۆبیا، فاسۆلیا و شوتی)یە. بەرهەمی گەنم لە سنوورەکە لەمساڵدا 2023 زیاتر لە (100) سەد هەزار تەن بووە، بەرهەمی لۆبیا کە ئێستا وەرزی ڕنینەوەیەتی لەم ناوچەیە، ڕۆژانە 60 شەست تەن دەبێت و ڕەوانەی شارەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق دەکرێت.



> یوسف سەلیم: لە سنووری قەزای کۆیە، کە پێنج ناحیە و نزیکەی 190 گوند هەیە.

بەگوتەی مژدە، ڕێکخراوی هەناسەی سرووشت، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو بە نووسراوێکی فەرمی لایەنی پەیوەندیداری لەوە ئاگادارکردۆتەوە، کە بەردەوام چاودێریی کارگەکانی چەو و لم بکەن و ڕێگە نەدەن ببنە مایەی تێکدانی ژینگەی ناوچەکە و لەباربردنی کشتوکاڵ و خەونی جووتیارانی ئەو دەڤەرە.

بەپێی زانیارییەکانی هەناسەی سرووشت، تا ئێستایش ( چیمەنتۆ، بەرد، چەو و لم و بلۆك) لە بیناسازیی وڵاتدا بەکاردێن، بۆیە کارگەکانی چەو و لمیش هێشتا هەن، بەڵام بەشێوەیەکی نازانستی کار دەکەن و کاریگەریی نەرێنییان لە سەر پێکهاتە سەرەکییەکانی زەوی، ئاو و هەوا و خاك هەیە، دواجاریش ڕاستەوخۆ بەشێکن لە پیسکردنی ژینگە و تێکدانی هاوسەنگییەکەی.

یەکێك لە خاوەن کارگەکانی سنووری کۆیە، کە زۆرتریش بە (غەساله) ناودەبرێن و پێی باشنەبوو ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێت: "ڕۆژانە نزیکەی 150 مەتر چەو و لم دەردەهێنن، بەڵام کارکردن بەپێی ڕۆژە"، واتە هەموو ڕۆژێك کارناکەن بەتایبەت لە وەرزی زستان، بۆیە ساڵانە نزیکەی 50 هەزار مەتر چەو و لم بەرهەمدەهێنن.



قەزای کۆیە خاوەن پێگەیەکی جیۆگرافیی گرنگە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستاندا. بە دوو چیای خنجیلانە دەورە دراوە. ئەوانیش چیای باواجی، کە بەرزییەکەی 1260 کم و چیای هەیبەت سوڵتان، کە بەرزییەکەی 1092 کم لە ڕووی ئاستی دەریاوە دەبێت. قەزای کۆیە جیا لەوەی بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی نەوت دادەنرێت، لە سامانە کانزاییەکانیش دەوڵەمەندە، بەهۆی ئەوەی لە زێی بچووك نزیکە، خاك و زەوی ناوچەکە کشتوکاڵییە و بۆتە ناوچەیەکی گەشتیاریی و ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لە گەشتیاران ڕووی تێدەکەن.

بەگوتەی گۆران ئەحمەد سماقە، بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانی کۆیە، ژمارەی ئەوانەی لە زێی بچووك و گۆمەکاندا خنکاون لەم وەرزی هاوینەدا تا بەرواری (20-9-2023) شەش کەس خنکاون، کە دوو کچ و منداڵێك و دوو گەنج و پیاوێکی بەتەمەن بوون. گۆران سماقە دەڵێت: "بەردەوام هەوڵمانداوە، کە ئەو کارگانە ناچار بکەین دوای تەواوبوونی کارەکانیان شوێنەکان وەك خۆیان پڕبکەنەوە، بە پێچەوانەوە بەرپرسیارن".



## بەڵگەی سەرکەوتن

مژدە محەمەد، نەیشاردەوە کە لە کارکردنیان لە سەر کارگەکانی چەو و لم زۆر ماندوو بوون، بەڵام دەشڵێت: "شانازی دەکەین بە کارەکەمانەوە کە ئەنجامێکی باشی هەبووە، بەتایبەت بۆ ژنان و کچان."

خانم عومەر بە گەشبینییەوە دەربارەی کارەکانی دەڵێت: "لەوەتەی توانای کارکردنم هەیە، هەر کاری شینایی و کشتوکاڵ دەکەم". گوتیشی: "کارەکەم زۆر خۆشدەوێت و قەتیش لێی بێزار نابم." ژنان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە کارکردن لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا و بژێوی خێزانەکانیان پێ پەیدا دەکەن.

"لە کشتوکاڵ بژێوی ژیانی خێزانەکەم دابیندەکەم، یارمەتی هاوسەرەکەم دەدەم." خانم بەوەندەیش کۆتایی بە وەڵامی پرسیارەکەی ئێمە نەهێنا و گوتی: هەر من نا، زۆرینەی ئەو ژنانەی لەگەڵ من دێنە سەر کار، بژێوی ژیانمان بەم کرێکارییەی کشتوکاڵ پەیدا دەکەین. گوتیشی: "سوپاس بۆ ڕێکخراوی هەناسەی سرووشت، کە هاندەرمان بوون و بەرچاوڕوونیان پێداوین و هانیانداوین بەردەوامبین و واز نەهێنین، بەوەش هەم ئێمە سوودمان بینیووە، هەم بۆ ژینگەی ناوچەکەش بەسوودە".

ئەحمەد قادر دەڵێت: "زۆرینەی جووتیارانی ئەو سنوورە بەجۆرێك لە جۆرەکان بەهۆی ئەم کارگانەوە زیانمەند بوون، بەڵام ئێمە وەك ئەو ناوچەیە زیاتر لە 1000دۆنم زەویمان پڕ کردۆتەوە، کە ئێستا بۆ کشتوکاڵ شیاون، بوونی ڕێکخراوە ژینگەییەکان پێویستن، کە هاوشێوەی ڕێکخراوی هەناسەی سرووشت لەخەمی ژینگەی ناوچەکەدان و لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکەنەوە لە پێشێلکاری کانەکان و ئێمە خۆشحاڵین بەو هەڵمەتەی کردوویانە بۆ هۆشیارکردنەوەی ئێمە و جووتیاران بەگشتی".

هەڵگورد عەبدوڵڵا سیدە، بەڕێوەبەری ناحیەی ئاشتی لە قەزای کۆیە، دەڵێت: "چەند گوندێکمان هەیە دەکەونە سەر زێی بچووك، لەو گوندانە کارگەی دەرهێنانی چەو و لم هەیە، بەڵام لە ئێستادا بەشێکیان کار دەکەن و ئەوانی دیکە ڕاگیراون، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان هەر کارگەیەك سەرپەرشتیاری بۆ دادەنرێت و لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان مۆڵەتی پێدەدرێت".

> "هەڵگورد عەبدوڵڵا سیدە: دەبێ شوێنەکان پڕ بکەنەوە و وەك خۆی لێبکرێتەوە، ئەگەر وانەکەن ئەو برە پارەی وەك بارمتە دانراوە، بۆیان ناگەڕێتەوە."

هەڵگورد عەبدوڵڵا گوتی: "نابێت کارگەکان لە زێیەکان، ڕێگاکان یان لە تاوەرەکانی کارەبا نزیکببنەوە، تا زیان بەو شوێنە گشتییانە نەگەیەنن و دوای تەواوبوونی کارەکەی دەبێت شوێنەکان پڕ بکەنەوە و وەك خۆی لێبکرێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر وانەکەن ئەو برە پارەی وەك بارمتە دانراوە، بۆیان ناگەڕێتەوە".

## ناوچەکە پێویستیی بە هەناسەی زیاترە

مژدە محەمەد دەڵێت: "بۆ هەرکارێك کۆمەڵێك بەربەست هەن، بۆ ئەو کارانەی ئێمەش کۆمەڵێك بەربەستمان هاتۆتە پێش لەوانە: لاوازیی گیانی هاوکاری و خۆبەخشیی، چونکە بە زۆر کەسمان گوتووە هاوکارمان بن، بەڵام لە چەند کەسێك نەبێت، ئەوانی دیکە بە دوای داواکەمانەوەنەهاتوون."

گوتیشی: " تکایە ژینگەکە بۆ هەموومانە و ناکرێ هەروا بە ئارەزوو و بەپێی بەرژەوەندی تاك جێبهێڵدرێت، پێویستە دوای کۆتاییهاتنی کارەکان پێویستە زەوییەکان وەك خۆیان لێبکرێتەوە و رادەستی خاوەنەکانیان بکرێنەوە.


گوندی کانی بی

ئەحمەد ئیسماعیل، جووتیار، دەڵێت: "جووتیاران زۆربەی زەوییەکان بەنرخی (10) یان (20) هەزار دۆلار بە خاوەن کانەکان دەفرۆشن، بەڵام دوای وەرگرتنەوەیان بە (30) هەزار دۆلاریش نابنەوە بە زەوی کشتوکاڵیی ."

ناخۆشترین کێشە بۆ مژدە لەو هەڵمەتەدا جگە لە خراپیی بارە داراییەکە، بە پیرەوەنەهاتنی بەشێك لە خاوەن زەوییەکانە بۆ هەڵمەتی هۆشیارییەکەیان.

مژدە دەڵێت: "بەردەوام دەبین، جگە لە هەڵمەتی کاری کارگەکانی چەو و لم بۆ ساڵی نوێی خوێندن هەڵمەتی هۆشیاریی ژینگەییمان لە قوتابخانەکاندا هەیە".
ئەو ئاماژەی بەوەشدا کە سەرەڕای ئەوە هەڵمەتێکی راگەیاندن دەستپێدەکەن بۆ پاراستنی سرووشتی کۆیە و هەرێمی کوردستان بەگشتی.

**ئەم راپۆرتە لە چوارچێوەی پرۆژەی (اصواتنا) بەرهەم هێنراوە، کە لەلایەن رێکخراوی ئینتەرنیوزەوە جێبەجێ کراوە.**

Internews
Local voices. Global change.

ASWATOUNA II
PROJECT